www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا8-7-2006 2:21

دوا وەڵامم بۆ بەڕێز کاک کۆسار ئەحمەد، سەرەتا دەڵێم ڕەخنە بە تۆڕیزی نابێت ... سیروان علی

سەیرو سەمەرەیە کاتێک هاوڵاتیەک خۆی لە ئەرکەکانی سەرشانی بدزێتەوە و نیشتمان چۆڵ دەکات و شاخ ولوتکە و شارو گوندی ئەم نیشتمانە زامدارە بەجێ دێڵێ و لە لێواری کەنارەکانی ئەورووپا لە قەراخ شارێک لەپاناو پاسارێک خۆی دەبینێتەوە و لەوێش بۆ وەرگرتی (لجوئی) سیاسی دەیان بوختان بۆ بۆ حکومەتی کوردستان و بۆ میللەتەکەی خۆی دەکات و ئێرە بەجەهەنەم ناو دەبات. کەچی دواتر ئەبێتە دەم ڕاست و ڕێ نیشاندەرو کردنی کوێخای گەنجان و ڕەخنە بارانمانە دەکات و تاوانبارمان دەکات بە پێشێل کردنی ئازادی و سەربەستی خەڵک. جێگەی داخ و لە هەمان کاتیشدا بەزەی پیا هاتنەوەیە کە چەمکی ئازادی بەو شێوەیە وەردەگیرێ کاتێک جنێو بە سەرکردەو بە دەسەڵات و حکومەتی کوردی دا ئیتر ئەوە ئازادی عەیارە (24) و بێ غەل و غەش سەیر دەکرێت. جێگەی بەزەیی پیاهاتنەوەیە کارەبایەک بە درێژایی جەنگەکانی عێراق ئێران. عێراق کوەیت. عێراق کوردستان وێران دەکرێت و لە کار دەکەوێت. ئێستە بخرێتە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی حکومەت. جێگەی سەرنجیشە کە گەنجان بکرێنە غەدرلێکراو دەسەڵاتیش بە زۆردار. لە کاتێکدا بەشێکی زۆر گەنجان ئەرکەکانی سەرشانیان بەرانبەر وڵات و نیشتمان بەجێ نەهێناوە. چونکە گەنج و هەر هاوڵاتیەکی تر. چەندە مافی هەیە هێندەش ئەرکی لەسەر شانە. ئەرکی گەنج ڕەخنە گرتبێ تا شیرین کردنی دەسەڵات و کوردستانیەکان نیە بە تەنها بەڵکو ئەرکی گەنج ئەوەیە ڕەخنە بگرێ و دەست بخاتە سەر کەم و کورتیەکان و لە هەمان کاتیشدا بەشدار بێت لە بەرەو پێش بردنی پرۆسەی سیاسی و دیموکراتیزە کردنی وڵات و ئاوەدانکردنەوە و گەشەدان بە باری ڕۆشەنبیری خەوو خواردن و خۆڕازاندنەوە بە تەنها پیشەی پیاوی تەمەڵە و حکومەت بەرپرس نیە لەوەی مووچە بەرامبەر تەمەڵی بدات. چونکە ئەو گەنجەی خۆی بە خاوەنی هەر چوار پارچەی کوردستان دەزانێ و سەرکردەکانیش بە خائین. دەبێت بیسەلمێنێ کە ئەم لەوان تێکۆشەر ترەو خزمەتگوزارترە چوونکە زۆر وتی سەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان و تەلەفیزۆنەکان گەنج ناکاتە پاشای خەونەکان.

دەیانی وەک کاک کۆساریش پێویستە ئەوە بزانن کە کوردستان بە هەووڵی هەمووان بەڕێوە دەچێت. نەک بەگلەیی و گازندەو بەس. ئەگەر گەنج گەنجە. بۆ ناتوانێ بەرەکە لەژێر پێیی دەسەڵات دەربێنێ دیارە گەنج ئامادە نیە بە کاک کۆساریشەوە قسەی زلیش ناچێتە گیرفانی کەسەوە ڕەخنەش بە تۆڕیزی نابێت.

Serwan45@hotmail. com